# مایــكل جاكـــسۆن
# سەرەڕای كەموكورتییەكانی مەزنترین هونەرمەندی سەردەم بوو

بەر لـــە زیاتر لـــە ١٠ ڕۆژ ئەســـتێرەی مۆسیقای پۆپی ئەمەریكی مایكل جاكسۆن لە یەكێك لە نەخۆشخانەكانی لۆس ئەنجلۆس لـــە ئەنجامی جەڵتەی دڵ لـــە تەمەنی ٥٠ساڵیدا گیانی لە دەستدا.

قســـەكەرێك بەنـــاوی پەیمانـــگای پزیشكی شـــەرعی لۆس ئەنجلۆس بە تۆڕی تەلەفزیۆنـــی(CNN)ی ڕاگەیاند، كاتێك جاكســـۆن گەیەنرایە نەخۆشـــخانە لە هۆش خـــۆی چووبوو، بەبـــێ ئـــەوەی هۆكاری مردنەكە ئاشكرابكات، بەڵام چەند دەزگایەكی ڕاگەیاندن بڵاویان كـــردەوە بەهۆی نارێكی لێدانەكانی دڵی و نەگەیشتنی ئۆكسجین بۆ مێشكی لەهۆش خۆی چوو بوو و دواتر دڵی لە لێدان كەوت.

**باوكێكی دڵ ڕەق و بێ بەزەیی**

مایكل جۆزیف جاكســـۆن لە ١٩٥٨/٨/٢٩ لە دایكبووە، یەكەم جار لە تەمەنی ١١ ساڵیدا لەسەر تەختەی شانۆ دەركەت كاتێك ئەندامی تیپی (جاكسۆن فایق) بوو كە لە خێزانی مایكل پێكهاتبـــوو، حەوتەم كوڕی خانەوادەكەی بوو كە لە نۆ خۆشـــك و برا پێكهاتبوون (مایكل ڕۆبی، جاكی، تیتۆ، جیرمان، لاتۆیا، مارلۆن، براندی، جانێت) جۆزیف والتەری باوكیان زۆر بێ بەزەیـــی و دڵڕەقانە مامەڵەی لەگەڵیـــان دەكـــرد، هەمیشـــە بە لێدان و قســـە ناشرین و چاو سووركردنەوە





هەڵسوکەوتی لەگەڵیان دەکرد، بە زۆری دەیبردن بۆ مەشق پێکردن و بە توندترین شێوە رەفتاری لەگەڵ دەکردن بەرامبەر بە بچووکترین هەڵە، هەر ئەمەش وایکرد دواتر جاکسۆن رەفتاری توندی بەرامبەر منداڵان هەبێت، لەساڵی ١٩٩٣ بۆ یەکەم جار مایکل جاکسۆن لە ئەڵقەیەکی بەرنامەی ئۆپێرا و نیڤری باسی لە ناخۆشییەکانی تەمەنی منداڵی خۆی کرد و گوتی: من لە تەمەنی منداڵیدا هەمیشە هەستم بە تەنیایی دەکرد و پەشیمان بووم لەوەی باوکێکی وەك جۆزیفم هەیە، بۆیە هەمیشە بە تەنیا دەگریام، هەروەها لە چاوپێکەوتنێکی راستەوخۆدا لە ساڵی ٢٠٠٣ کاتێك سەرەڕای ئەم هەموو دەردەسەری و ناخۆشییانە بەهرە و تواناکانی مایکل هەر لە تەمەنی منداڵییەوە هەستی پێدەکرا بەتایبەتی کە لە تەمەنی ٥ساڵیدا لە ئاهەنگەکانی سەری ساڵ و لە قوتابخانە گۆرانی دەگوت، لە ساڵی ١٩٦٤ برا گەورەکەی جاکی تیپێکی مۆسیقای دامەزراندن بەناوی (جاکسۆن برازەرس) و مایکل لەگەڵ براکانی وەك کورەس گۆرانی دەگوت و سەمای دەکرد، لە ساڵی ١٩٧١ مایکل بە تەنیا دەستی بە گۆرانی گوتن کرد و چەندین ئەلبوومی بڵاوکردەوە کە سەرکەوتنی بێ وێنەی تۆمار بەدەستهێنا، لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا جاکسۆن یەکەم رەش پێست بوو بگاتە ئاستێکی جیهانی بەرز و ئاراستەی گۆرانی جیهانی لە گۆرانی ئاساییەوە گۆڕی بۆ (گۆرانی ناوبانگ دەرکردن و دروستکردن، گۆرانییەکانی مایکل مەودایەکی مرۆڤانەشیان هەبوو بەتایبەتی (Black orwhite، earth) جگە لە گۆرانی مرۆڤانە، مایکل رێکخراوێکی خێرخوازی تایبەت بەخۆی دامەزراندن کە هاوکاریی پێشکەش بە ٣٩ رێکخراوی خێرخوازی سەربەخۆ دەکات، بەمەش مایکل بوو بە یەکێك لەو گۆرانیبێژانە کە دوواجار ناوبانگی دەرکرد.

## مایکل تووشی نەخۆشییەکی دەگمەن دەبێت

یەکێك لە خاڵە جیاکەرەوەکانی ژیانی مایکڵ جاکسۆن ئەوەیە کە بەهۆی ئەنجامدانی چەندین نەشتەرگەری جوانکاری لە ماوەی چەند ساڵێکدا توانی رەنگی پێستی خۆی لە رەشی بگۆڕێت بۆ سپی، ئەم نەشتەرگەریانەش بڕێکی زۆر پارەی تێچوو کە جگە لە خەرجییە زۆر ئەم نەشتەرگەیانە کاریگەرییەکی سلبیان لەسەر تەندروستی رابردوو تووشی نەخۆشییەکی دەگمەن و نادیار هاتبوو لە سپیەکانی، هەروەها پێستی لەشی دووچاری تێکچوون و هەڵوەرین هاتبوو و لەئەنجامی ئەو نەشتەرگەییە زۆرانەی بۆ کرابوو جۆرە کرمێك لە پێستی پەیداببوو، ئەیان هالبرین کە نووسەرێکی کەنەدییە و خەریکی نووسینی کتێبێکە لە سەر ژیانی جاکسۆن دەڵێ:

لە ساڵانی رابردوودا باری تەندروستی بەرەو خراپی دەچوو تەنانەت توانای ئەوەی نەمابوو کە نەشتەرگەریشی بۆ ئەنجام بدرێت، کە زۆر پێویست بوو چاوی لای چەپی ٪٩٥ ی توانای بینی نەمابوو لە ئەنجامی نەخۆشی سییەکانی، هەروەها توانای قسەکردنیشی زۆر نەبوو.

## ژیان لەگەڵ منداڵان

لە ماوی ١٢ ساڵی رابردوودا مایکل هیچ ئەلبوومێکی نوێی بڵاونەکردەوە و هەموو کاتی خۆی بە یاوەری چەند منداڵێك لە خانووەکەی خۆی بەسەر دەبرد کە هەموو شتێکی تێدا دەستەبەرکرابوو، بەڵام ئەم جۆرە ژیانە قسە و قسەڵۆکی زۆری دەربارەی هەبوو و لە کۆتاییدا بە دەستدرێژی سێکسی کردنە سەر منداڵێکی ئەندام تۆمەتبارکرا و ئەویش بە توندی رەتی کردەوە و کێشەکە لە دەرەوەی دادگا چارەسەرکرا، لە کاتی روودانی ئەم کێشەیە ژمارەیەکی زۆری جەماوەری مایکل پشتیوانی خۆیان بۆی دووپات کردەوە.

بەر لەم رووداوە لە ساڵی ١٩٩٥ گۆرانییەکی بەناوی (ئەوان گرنگی بە ئێمە نادەن) بڵاوکردەوە کە چەند وشەیەکی تێدابوو دژی جوولەکەکان ئەمەش بووە هۆی ئەوەی رەخنەیەکی زۆری لێبگیرێ لەسەر تاسەری جیهان، هەر چەندە دواتر بە ڕەسمی داوای لێبوردنی کرد، بەڵام رەخنە گرانی گرنگیان بەم لێبوردنەکەی نەدا و گۆرانییەکەش رەواجی نەبوو، هەر ئەو ساڵ واتە ١٩٩٥ مایکل جاکسۆن ژیانی هاوسەری لەگەڵ لیزا ماری ئەلڤین بریسلی پێکهێنا کە کچی گۆرانیبێژی ناوداری ئەمەریکی ئەلڤێس بریسلیە، بەڵام دوای ١٨ مانگ جیابوونەوە.

شازادەیەکی بەحرێنی داوای لە دژی مایکل هەیە

دوای چارەسەرکردنی کێشەی دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر منداڵە کەم ئەندامەکە، مایکل رووی لە وڵاتی بەحرێن کرد و ماوەیەك لەوێش مایەوە، دواتر شێخ عەبدوڵلای کوڕی حەمەد ئال خەلیفە لە دادگا داوایەکی دژی بەرزکردەوە و بەوە تاوانباری کرد کە پابەند نییە بەو گرێبەستەی لە نێوانیاندا مۆرکراوە بەپێی قسەکانی عەبدوڵلا دوای کۆتایی هاتنی کێشەکانی مایکڵ لەگەڵ دادگای ئەمەریکی ئەو هەڵدەستێ بە میوانداری کردنی مایکل بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بە مەرجێك بەیەکەوە کۆمپانیایەکی کاری مۆسیقا دابمەزرێنن و ئەلبوومێکیش بڵاوبکەنەوە، هەر بۆی ئەم مەبەستەش ژمارەیەك لە هاوڕێیانی مایکل داوەت کردبوو بۆ بەحرێن تاکو بەیەکەوە ئاهەنگی



سەری ساڵ لەبەحرێن بەسەربەرن و مایكلیش بەم مەرجانە رازی بوو، بەڵام لە كۆتاییدا ئەو لەسەر ئەستۆی بوو جێبەجێی نەكرد، بۆیە شێخ داوای قەرەبوو كردنە یان جێبەجێكردنی بەندەكانی گرێبەستەكەی دەكرد، بەڵام باری تەندروستی مایكل رێگای پێ نەدەدا كە گۆرانی تۆمار بكات یان ئاهەنگ ساز بكات ئەم كێشەیەش كاریگەری دەروونی زیاتری لەسەر مایكل هەبوو، بەڵام لە كۆتاییدا ئەو كێشەیەش چارەسەركرا و مایكل بە ناچاری گەڕایەوە ئەمەریكا.

**سازكردنی نزیكەی ٥٠ ئاهەنگ**

ئەو دابڕانە زۆرە و كێشەیەك لە دوایەكانە بوونە هۆی رووخانی مایكل لە بواری دەروونی و ئابوورییەوە، بۆیە بڕیاریدا ٤٩ ئاهەنگ لەسەرتاسەری جیهان ساز بكات و لە لەندەنیشەوە دەست پێبكات، چونكە وامەزندە دەكرات داهاتی ئەم ئاهەنگانە بگاتە نزیكەی ٤٠٠ ملیۆن دۆلار ئەمەش كاریگەری دەبوو لەسەر باشتركردنی باری دارایی جاكسۆن و رزگاربوونی لەو قەرزە زۆرانەی لەسەری كەڵەكە بوون، بەڵام هەر ئەوكات هەندێك لە بەرپرسانی كۆمپانیاكە گومانیان هەبوو لەوەی مایكل بتوانێت بەڵێنەكانی بەجێ بگەیەنێت بە ئەنجامدانی ئەم ئاهەنگانە، چونكە رۆژانە دەرمانی زیاتری بەكار دەهێنا بۆ ئەوەی دەم و چاوی خۆی لەلاچوون و هەڵوەرین بپارێزێت، هەروەها بەپێی رێنماییەكانی پزیشكانە نەدەبوایە هەوا لەدەم و چاوی بدات، بۆیە زۆر كەس پێیان وابوو ئەگەر بتوانێت لە ئاهەنگەكانیش بەشداری بكات ئەوا دوایین ئاهەنگ دەبن.

ئێستا دوای مردنی كۆمپانیا (O٢) رووبەرووڕی گرفتێكی دیكە بووەتەوە ئەویش ئەوەیە چۆن بتوانێت پارەی ئەو كەسانە بگەڕێنێتەوە كە پلیتی ئاهەنگەكانیان كڕیوە ئاسان نییە و پێویستی بە كاتێكی زۆر هەیە، چونكە تا ئێستا نزیكەی (٨٠٠) هەشت سەد هەزار پلیتی ئاهەنگەكان فرۆشراوە، تێكڕای نرخی پلیتەكان لە نێوان ٥٠ و ٧٠ جونەیهی ئیسترلینی و لە كاتی نمایشكردنی پلیتەكان بۆ فرۆشتن زۆر بەخێرایی تەواوبن بە تێكڕایی ١١ پلیت لە یەك چركەدا و نرخی پلیتی VIP گەیشتە نزیكەی ٧٩٠ جونەیهـ و لەسەر وێب سایتی (ئای بای) گەیشتە ١٣٩٠ جونەیهی ئیسترلینی و ئێستا زۆربەی ئەوانەی پلیتەكانیان كڕیووە داوای پارەكانیان دەكەنەوە.

**نهێنی مردنی لە ناكاوی**

دوای راگەیاندنی مردنی مایكل، ئەندامانی كۆنگرێس دەقیقەیەك وەستان بۆ رێزگرتن لە گیانی، لەلایەكی دیكەوە پزیشكان توێكاری لاشەی مایكلیان كرد،بەڵام رایانگەیاند لە كاتی زوودا ناتوانن هۆكاری مردنی دیار بكەن، هەر چەندە بەپێی پێشبینییەكان هۆكاری مردنی بۆ ئەو دەرمانە زۆرانە دەگەڕێتەوە كە بەكاری دەهێنان بۆ نەهێشتنی ئازارەكانی لەشی، هەر لە مردنی بە نیو كاتژمێرێك بڕێكی زۆر دەرمانی دیمیرۆلی بەكارهێنابوو كە رۆژانە بڕێكی وەردەگرت بۆیە خێزانی مایكل پێیان وایە هۆكاری مردنی بۆ ئەو بەڕ زۆرەی ئەو دەرمانە دەگەڕێتەوە، لەلایەكی دیكەوە بەرپرسێكی پۆلیسی لۆس ئەنجلۆس رایگەیاند جاكسۆن هۆگری بەكارهێنانی دەرمانی ئۆكسیكونتین بوو، بەڵام هیچ نیشانەیەكی برینداربوونی دەرەكی بەسەر لاشەی جاكسۆنەوە نەبووە.

دوای ئەوە لاشەی جاكسۆن درایەوە خێزانەكەی پۆلیس لێكۆڵینەوەیەكی وردی لەگەڵ ئەو پزیشكە ئەنجامدا كە لە كاتی گیان لە دەستدانی لەگەڵی بوو ئەویش هاوكارییەكی زۆری پۆلیسی كردووە، بەڵام پشكنینی ژەهرەكان كە هۆكاری مردنی دیاردەكات پێویستی بە شەش تا هەشت هەفتە هەیە ئەنجامەكانی دەردەچێت، برایان ئۆكسمان پارێزەری خانەوادەی جاكسۆن گوتی: من زۆر نیگەران بووم لە بەكارهێنانی ئەو بڕە زۆرەی دەرمانانە لەلایەن جاكسۆنەوە و زۆر جار خێزانەكەیم ئاگاداركردۆتەوە لەو زیانانەی كە لە ئەنجامی سەما كردن تووشی دەبێت و رەنگە ژیانیشی بخاتە مەترسییەوە، بەڵام كەس گرنگی بە قسەكانی من نەداوە، برایان هەروەها گوتی: من نامەوێ ئاماژە بە هیچ شتێك بدەم تاكو ئەنجامی پشكنینی ژەهرەكان دەرنەچێت، هەر بەپێی قسەكانی برایان لە چەند هەفتەی رابردوودا جاكسۆن خەریكی خوێندنەوەی نووسینەكانی تاكور بوو.

**دوایین شەوی ژیانی**

لەلایەكی دیكەوە قسەو باسێكی زۆر دەربارەی رووداوەكانی دوایین شەوی ژیانی مایكل بڵاوكراونەتەوە، بەپێی ماڵپەڕی (TMZ) مایكل لە دوایین شەوی لە (ستیبلێس سەنتەن )بەسەر برد لە خۆ ئامادەكردن بۆ زنجیرەی ئەو ئاهەنگانەی كە بڕیارە ئەنجامی بدات، چونكە تا درەنگانی شەو خەریكە گۆرانی و سەماكردن بوو بە یاوەری ژمارەیەك لە سەماكاران و ئەندامانی تیپەكەی، بەپێی شایەد عەیانێك ئەو شەوە مایكل سێ كاتژمێر لە كاتی دیاریكراو دواكەوت و سەماكاران ناچار بوون چاوەڕێی بكەن، لەلایەنی خێزانییەوە ئێستا هەر سێ منداڵەكەی مایكل (پلاكێنت و پاریس و برنس) لەگەڵ دایكی مایكل دەژین و بەپێی قسەی برایانی پارێزەر منداڵەكانی بەهرەی زۆریان هەیەو دەتوانن رووبەڕووی ئەم بارودۆخە ببنەوە هەر چەندە ئێستا زۆر باسی دەكەن و ئەم رووداوە وەك شۆكێك بووە بۆیان.











## خانمە هونەرمەندی لوبنانی کارۆل سەقر:

# حەز دەکەم هەموو لایەک رازی بکەم



کارۆل سەقر یەکێکە لە گۆرانیبێژە لوبنانییەکان کە ماوەیەکی زۆرە هاتووەتە نێو بواری هونەری گۆرانی گوتن و گۆرانییەکانی سەرەتا بە زمانی ئینگلیزی دەستی بە گۆرانی گوتن کرد و تێیدا زۆر سەرکەوتوو بووم هەروەها چەندین خەڵاتی جیهانی و عەرەبی جیاجیای وەرگرت، کارۆل هاوسەری هادی شەرارەی هونەرمەند و دابەشکاری مۆسیقییە کە یەکێکە لە هونەرمەندە ناودارەکانی لوبنان و بە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرکەوت و بەردەوام بوونی کارۆل دادەنرێت، چونکە زۆر لە هونەرمەندانی دیکەش جگە لە کارۆل لە ڕێگای هادی شەرارەوە ناسراو و دەرکەوتوون وبە هەموو شێوەیەکیش هاوکاری دەکات، هەرچەندە کارۆل وەك زۆربەی هونەرمەندانی دیکە بەرهەمی زۆری نییە و جاری وا هەیە بۆ ماوەیەك دادەبڕێت، بەڵام کە گەڕایەوەش یان بەرهەمێکی نوێی پێشکەش کرد ئەوا هەموو لایەك شایەد ئاست بەرزی و توانا هونەرییە لە بن نەهاتووەکانی دەدەن، لە پەیوەندییەکدا کارۆل بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.

*دیمانە: خەلیل بلەیی*



هەموو هونەرمەندەکان بەڕێوەبەری کارەکانیان زۆربەی بڕیارەکانیان دەدەین

زۆر ئاساییە لە سەرەتای کاری هونەری یان لە ئاهەنگێکدا تەقلید هەبێت، بەڵام نەکرێتە دیاردەیەکی بەردەوام

***بەگوێرەی زانیارییەکان تۆ بە نیازی گۆرانییەکی ڕۆژئاوایی بڵێی ئەمە تا چەند ڕاستە ؟**

- من سەرەتا بە شێواز و گۆرانی ڕۆژئاوایی دەستم بە کاری هونەری کرد، و زۆریش حەز دەکەم تێکەڵاوییەك هەبێت لە نێوان ئەو شێوازانەی پێشکەشیان دەکەم، بۆ ئەوەی هەموو لایەك ڕازی بکەم، چونکە من ناتوانم ئەلبومێك پێشکەش بکەم هەمووی بە زمانی ئینگلیزی بێت لەبەر جەماوەرەکەم، لە نوێترین بەرهەمیشمدا گۆرانییەکم هەیە بە زمانی ئینگلیزی کە لە ئاوازی هادی شەرارەی هاوسەرمە .

*** ئایا تا ئێستا نەبوونی کۆمپانیا گرفتێکی گەورەیە بۆ هونەرمەندان ؟**

- بێگومان بەڵگەشم بۆ ئەم قسەیە ئەوەیە کە زۆربەی هونەرمەندان ڕوویان کردۆتە دامەزراندنی کۆمپانیای هونەری سەربەخۆ، هیوادارم هەموو لایەك بتوانن لەو گرفتە ڕزگاریان ببێت منیش ئەو توانا ماددییەم هەبێت کە بتوانم خاوەن کۆمپانیای خۆم بم .

*** هادی چۆن هاوکاریت دەکات؟**

- هادی لە هەموو لایەکی ژیانی تایبەتی و هونەریم هاوکاریم دەکات، بۆیە جگە لە هاوسەر وەك بەڕێوەبەری کارەکانمە و لە هەردوو لادا هەماهەنگییەکی تەواومان هەیە.

*** من کە تەلەفۆنم کرد ئەو وەڵامی دایەوە ئەم جارە و جاری پێشووتریش بۆ؟**

- چونکە ئەو ژمارە تەلەفۆنەی تۆ دەستت کەوتووە بۆ کاری هونەری بە کاری دەهێنین وەك پێشتریش گوتم ئەو جگە لە هاوسەر بەڕێوەبەری کارەکانیشمە.

*** بۆ سازکردنی دیمانە ڕەزامەندی ئەو پێویستە؟**

- بێگومان ئەگەر ئەو ڕازی نەبێت من ناتوانم تەنانەت لێدوانیش بدەم، بەڵام ئەویش ڕاوێژ بە من دەکات واتە بڕیارەکانمان هەردوو لایەنەیە.

*** واتە تۆ هیچ شتێك بە بێ ڕەزامەندی ئەو ئەنجام نادەی؟**

- نەخێر، چونکە ئەگەر هاوسەریشم نەبێت ئەوا بەڕێوەبەری کارەکانمە دەبێ ئەوەش بڵێم کە من زۆر بڕوام بە تواناکانی هادی و شارەزایی ئەو هەیە لە گشت بوارەکانی ژیاندا، هەر تەنیا منیش وانیم هەموو هونەرمەندەکان بەڕێوەبەری کارەکانیان زۆربەی بڕیارەکانیان دەدەین تەنیا ئەوە نەبێت کە پەیوەندی بە ژیانی تایبەتیانەوە هەیە.

*** بەر لە ماوەیەك هادی شەرارە هەندێك گرفتی هەبوو لەگەڵ تارق ئەبو جۆدە، تۆ هەڵوێستت چۆن بوو؟**

- بێگومان وەك هاوسەرێکی دڵسۆز دەبێ پشتگیری هاوسەرەکەم بکەم لە هەموو بارودۆخێکدا کە تووشی دەبێت بۆ ئەوەی بتوانین بە هەردووکمان زاڵ بین بەسەر گرفت و ئاستەنگەکاندا، هەموومان دەزانین لە هونەردا هەروەك چۆن خۆشەویستی و هاوڕێیەتی هەیە بە هەمان شێوە زۆر ئاساییە ئەگەر ناکۆکی و گرفتیش هەبێت، ئێستا من و هادی زۆر ئاسوودەین لە ژیانی خۆماندا .

***دوور لە هونەر پەیوەندی تۆ و هادی چۆنە؟**

- شتێکی ئاساییە ئەگەر دوو هاوسەر هونەرمەند بن ئەوا هونەر بەشێکی زۆری ژیانیان داگیر دەکات و ڕەنگە زۆربەی قسە و باسەکانیشیان هەر دەربارەی هونەر بێت، بەڵام ئێمە کاتمان بۆ ژیانی هاوسەرێتی و منداڵەکانیشمان تەرخان کردووە و ئەو کاتانەی لە هونەر دووربن ئەوا وەك هەر دوو هاوسەرێکی ئاسایی ڕێز لە یەکتر دەگرین و ژیانمان پڕە لە سۆز و خۆشەویستی بەرامبەر بە یەکتری.

*** بەر لەوەی ڕازی بی بەم دیمانەیە ڕاوێژت لەگەڵ هادی کرد؟**

- بێگومان من هیچ کارێك بە بێ ڕەزامەندی ئەو ناکەم بەتایبەتی ئەگەر پەیوەندی بە ڕاگەیاندنەوە هەبێت.

*** زۆر لە گۆرانیبێژ و نمایشکارەکانی جلوبەرگی لوبنانی بوونەتە ئەکتەرتۆ چی دەڵێی بۆ ئەم هەڵوێستەیان؟**

- پێموایە کارێکی باشە و زۆریان سەرکەوتوو بوون و ئێستاش بەردەوامن، بەڵام پێویستە کارێك بە قوربانی ئەویتر نەکەن و مەرج نییە هونەرمەند لە هەموو بوارێکدا سەرکەوتوو بێت، دەبێ هاوسەنگییەك بۆ خۆی دروست بکات.

*** تۆ بیرت لەوە نەکردووەتەوە؟**

- من زۆر حەز لە هونەری (استعراضی) دەکەم و یەکێك لە خەونەکانم ئەوە بووە ڕۆژێك لەڕۆژان لەسەر تەختەی شانۆ ڕاوەستم بۆ پێشکەشکردنی کارێکی (استعراضی) زۆر گەورە، بەڵام تا ئێستا هیچ شتی لەم جۆرە لە ئارادانییە.

*** تۆ دژی تەقلیدی لە هونەر یان پێت وایە کارێکی باشە؟**

- من تا ئەو کاتە پشتگیری لە تەقلید دەکەم کە هونەرمەند گەیشتە ئاستێك بتوانێت پشت بە خۆی ببەستێت، زۆر ئاساییە لە سەرەتای کاری هونەری یان لە ئاهەنگێکدا تەقلید هەبێت، بەڵام نەکرێتە دیاردەیەکی بەردەوام، چونکە ئەو کات نە ئەوە هونەرمەندە فێری ئەوە دەبێت کە بۆ خۆی ستایلێکی تایبەتی هەبێت، نە سوودیش بەو کەسە دەگەیەنێت کە تەقلیدی دەکاتەوە.

*** تۆ هەمیشە نارەزاییت دەربڕیوە بەرامبەر بەو بارودۆخەی ئێستای هونەر بە گشتی، ئایا بەڕای تۆ تاکەی بارودۆخەکە بەو شێوەیە دەمێنێتەوە؟**

- سوپاس بۆ خوا ئێستا هونەرمەندی زۆر بە توانا هەن و کاری زۆر باشیش پێشکەش دەکەن لە لوبنان و لە زۆربەی وڵاتە عەرەبییەکان، سەرەڕای ئەمە هەندێك کاری نەشازیش لێرە و لەوێ هەر دەبێت، بەڵام من هەمیشە گوتوومە دەبێ لە کۆتاییدا جەماوەر کاری باش و خراپ لێك جیا بکاتەوە و ئەو بێسەرو بەرییەی ئێستا نەمێنێت و هونەری ڕەسەن بگەڕێتەوە دۆخی جارانی.

*** کارۆلی ڕاستەقینە کێیە؟**

- من مرۆڤێکی ئاساییم، خەڵکم زۆر خۆش دەوێت، ڕق و قینم بەرامبەر بە هیچ کەسێك نییە و هیوای خۆشی و سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم.

*** چۆن پلان بۆ دوارۆژت دادەنێی؟**

- بێگومان هەموو مرۆڤێك پێویستی بەوە هەیە کە پلانێکی گونجاوی هەبێت بۆ دوارۆژی خۆی بۆ ئەوەی بتوانێت سەرکەوتن لە ژیان بەدەست بهێنێت، ئەم پلانەش دەبێ بە پێی بارودۆخی ژیانی ئەو کەسە بێت و ڕەچاوی بەرژەوەندی خۆی بکات و هەموو لایەك لەبەر چاوبگرێت.

*** ئامانجەکانت لە ژیاندا چین؟**

- هەر یەك لە ئێمە چەندین ئامانجی تایبەتی هەیە، منیش وەکو هونەرمەندێك ئامانجم سەرکەوتنە لە ژیان و دڵخۆش کردنی جەماوەرەکەم.

*** سەرکەوتن لە کاری هونەریدا بۆ تۆ چی دەگەیەنێت؟**

-کار و خۆ ماندوو کردنە بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت هیوا و ئاواتەکانی بەدەست بهێنی و خەونەکانی بێنیتە دی و دڵی جەماوەرەکە خۆش بکات.

*** پێت وایە ناکۆکی نێوان زۆر لە هونەرمەندان بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- زۆر هۆکار هەن بۆ دروستبوونی ناکۆکی لەنێوان هونەرمەندان بۆیە زۆر جار لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان گوێبیستی لێدوانێکی نوێ و ناخۆشی هونەرمەندێك دەبین دەربارەی هونەرمەندێ یان دەرهێنەر یانیش کۆمپانیا و مۆسیقییەك، وەك گوتم هۆکار زۆرن، بەڵام بەلای منەوە هۆکاری یەکەم لێك نەگەیشتنە دووەمیش هەندێك لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان شتەکان زۆر لە قەوارەی خۆی گەورەتر دەکەن .

*** هونەرمەند سەرکەوتن چۆن سەرکەوتوو دەبێت؟**

-بە گەڕان بەدوای هزری هونەری نوێ.

*** چ کاتێك تۆ زۆر دڵخۆش دەبی؟**

- کاتێك کارێك پێشکەش دەکەم کە زۆر ماندووی کردبم و سەرکەوتنیش بەدەست بهێنم ئەو کات زۆر دڵخۆشم، چونکە هەست دەکەم ماندوو بوونەکەم بەفیڕۆ نەچووە.

*** کاری تاك (سنگڵ)ت پێ باشترە یان هەموو ساڵێك بەرهەمێکی نوێ پێشکەش بکەی؟**

- هیچ پێوەرێکی زانستی نییە بۆ ئەوەی کامیان باشترە، ئەمە دەگەڕێتەوە سەر جۆری ئەو کارەی پێشکەشە دەکرێت جا ئەلبووم بێت یان سنگڵ، چونکە جاری وا هەیە هونەرمەندێك تەنیا گۆرانییەك پێشکەش دەکات و جەماوەر پێشوازییەکی زۆر گەرمی لێدەکەن و زووش بلاودەبێتەوە و دەکەوێتە سەر زاری خەڵك و ڕەنگە کاریگەری بە قەد کاریگەری ئەلبومێك بێت ئەگەر زیاتر نەبێت.

*** ئایا ڕێزگرتن لە هونەرمەند و خەڵاتکردنی مانای ئەوەیە ئەم هونەرمەندە سەرکەوتووە؟**

- ڕەنگە سەد دەر سەد وانەبێت، بەڵام ئەگەر هەر کەسێك مەرج نییی تەنیا هونەرمەند بێت کارێکی گشتی سوود بەخش و شیاوی ئەنجام نەدابێت چۆن خەلات دەکرێ و چ دەزگا و لایەنێك ئەم کارە دەکات.

*** تاچەند لە کارەکانت ڕازی ؟**

- تا ئەو ئاستەی جەماوەر لێی ڕازی بێت، چونکە ڕەزامەندی من وەك هونەرمەند نابێتە پێوەر بۆ کارەکانم پێویستە جەماوەر بڕیار لەسەر ئەوە بدات.

***کام شێواز و ستایلی گۆرانی گوتن لە تۆ نزیکە؟**

- من حەز دەکەم بە هەموو شێواز و ستایلەکان گۆرانی بڵێم بۆ ئەوەی بتوانم دڵی زۆرترین جەماوەر ڕازی بکەم، هەر بۆیەش هەر گۆرانییەکی ئەگەر بزانم لە گوتنیدا سەرکەوتوو دەبم و ئاوازەکەیم بە دڵ بێت ئەوا هەوڵ دەدەم پێشکەشی بکەم.

*** پێتوانییە کاری هونەری کارێکی زۆر زەحمەتە بەتایبەتی لەم ڕۆژگارەی ئێستادا؟**

- من بۆخۆم وا بە ئاسانی ئەم کارەم هەڵنەبژارد و بە ئاسانیش نەگەیشتمە ئەو ئاستەی ئێستا، ناوبانگ دەرکردن بۆ من زۆر گرنگ نییە، ئەوەی ئێستا و پێشتریش لای من گرنگ بێت ئەوەیە کە بەو کارەی هەڵمبژاردووە کە گۆرانی گوتنە ناوێك لە دوای خۆم جێبهێڵم و بتوانم بەوە بەهرەیەی خوای گەورە پێی بەخشیوم خزمەتی جەماوەرەکەم بکەم و هەندێك دڵیان خۆش بێت ئەگەر بە تەنیا یەك گۆرانیش بێت.

***پەیوەندی نێوان هونەر و سیاسەت چۆن دەبینی؟**

- هەموومان لە ژیاندا تا ڕادەیەك سیاسین و سیاسەتێکی تایبەت پەیڕەو دەکەین، بەڵام پێموانییە زۆر لە یەکتری نزیك بن، چونکە لە هونەردا هەموو شتێك بە ئاشکرا دەگوترێت کەچی ڕەنگە لە سیاسەتدا بەو شێوەیە نەبێت و هەندێك شتی شاراوەی تێدا بێت.

*** هیوا و ئاواتەکانت چین؟**

- لەڕووی هونەرییەوە هیوادارم هەمیشە بتوانم کاری هونەری وا پێشکەش بە جەماوەرەکەم بکەم کە لێم ڕازی بێت، لە بواری ژیانیشەوە هیوادارام بتوانم منداڵەکانم بەشێوەیەکی زۆر ڕاست و دروست پەروەردە بکەم و ئاشتی و ئارامی باڵی بەسەر جیهاندا بکێشێت وخەڵك بەخۆشی و ئومێدەوە لە دوارۆژیان بڕوانن.



## هونەرمەند ئاسۆ مەحمود:

# بە حوزنەوە گۆرانی بۆ عاشقان دەڵێم



***هونەرمەند ئاسۆ مەحمود خاوەن ستایلێکی تایبەتەو توانایەکی باشی هونەری هەیە و لەبواری ئەداکردنی گۆرانی و یەکێکە لەو کەسانەی توانیویەتی سەرکەوتنێکی باش بەدەست بێنی لە بواری مەقام بێژیدا، ئاسۆ ماوەیەك بێدەنگی ئاسمانی هونەری داپۆشیبوو دوای پشویەك توانی بە ئەلبومی (میوان) کۆتایی بەو بێدەنگییە بێنێت، تائێستا خاوەنی (٥) ئەلبومی گۆرانییە، بۆیە ئێمەش وەك گۆڤاری گوڵان لە سلێمانی ئەم دیدارە هونەرییەمان لەگەڵدا ساز کرد.***

**لە سەرەتادا هونەرمەند ئاسۆ مەحمود بەم شیوەیە هاتە ئاخاوتن و گوتی:**

-من لە شاری سلێمانی لە دایك بووم وخوێندنی سەرەتایی وناوەندی و ئامادەیی پیشەسازی سلێمانیم تەواو کردووەو لەساڵی ١٩٨١دەستم بەکاری هونەری کردووە سەرەتا وە ك ژەنیارێکی ئۆکۆردۆن لەلای مامۆستای خوالێخۆش بوو ولیەم یوحەنا وانەم دەخوێند دواتر لەساڵی ١٩٨٨تیپێکمان درووستکرد بەناوی تیپی مۆسیقای (کاڵێ) لەو کاتەوە بەردەوامم لە کاری هونەری وەك گۆرانیبێژێك، بەڵام جارجارە دابڕاوم ئەویش هۆکاری تایبەت هەبووە..

*** کێ هاندەری سەرەکیت بو بۆکاری هونەری؟**

-وەك کەسێکی تایبەت نەبووە، بەڵام بەگشتی خانەوادەکەم هاندەرم بوو.

***سلێمانی یەکێکە لە بەرهەمە زیندووەکانی تۆ، باشە بەنیاز نیت بەشێوەیەکی نوێ تۆماری بکەیتەوە؟**

-بێگومان مەقامی سلێمانی یەکێکە لەخۆشەویسترین بەرهەمەکانم کە تا ئاسۆ لە ژیاندا مابێت شانازی پێوە دەکەم،یەکێکە لە شاکارە جوانەکانی (ڕەنج سەنگاوی)، بەڵام ماوەی تۆمارکردنەکەی (١٤) دەقیقەیەبۆیە لەتەلەفزیۆنەکاندا دانابەزێت ئەگەر نوێی بکەمەوە دەبێت لە هۆنراوەکە کەم بکرێتەوە.

*** دوای ئەوەی ماوەیەك دابڕای لەکاری هونەری تا چەند توانیوتە لەڕێگەی ئەم بەرهەمەوە پەیامە هونەرییەکەی خۆت سەرکەوتوانە تر لەجاران بیگەیەنیت؟**

-ئەم بەرهەمە نوێیەم لەزۆرڕووەوە تازە گەری پێوە دیارە وەك (موزیك،ئەداکردنم، دابەشکردنی موزیك،ئاوازەکان،کوالێتی )وەداب ڕانی ئەو چەند ساڵەم دابڕان نەبوو بەڵکو دەتوانم بڵێم وەك پشویەك بوو دام خۆم و هەر لەو پشوویەدا ژیانی هاوسەریم پیکهێنا.

*** تاچەند هەست دەکەیت لەلایەن جەماوەرەوە ئەم بەرهەمەت پێشوازییەکی باشی لێکراوە؟**

-گرنگ بڵاو بونەوەی بوو،بەڵام بەپێی فرۆشی و چاوپێکەوتنەکانم لە دەزگا ڕاگەیاندنەکانەوە هەست دەکەم بە گەرمی پێشوازی لێکراوە.

*** ڕۆڵی ڕاگەیاندنەکان لەو ڕووەوە چۆن بوو؟**

- سوپاسی بێ پایانم بۆ گشت دەزگاکانی ڕاگەیاندن،لەڕووی ڕیکلام کردن بۆ بەرهەمە نوێیەکەم، دەبێت ئێمەی هونەرمەند بێ سفەت نەبین بەرامبەر بە ڕۆڵی ڕاگەیاندنەکان و ئەم ڕۆڵەیانمان لەبەرچاو بێت،من بەش بە حاڵی خۆم زۆر هاوکارم بوون کەناڵە ئاسمانییەکان و کەناڵە لۆکاڵەکانیش لەگشت شارەکانی کوردستان.

*** ڕۆڵی حکومەت و دەسەڵات چۆن بوو لە هاوکاری کردنی تۆدا ؟**

- تا کاتی ئەم چاوپێکەوتنە هیچ هاوکارم نەبوون (چ لەڕووی ماددی چ لەڕووی مەعنەووی ) وگلەیی زۆرم هەیە کەجیاوازی دەکرێت لە نێوان هونەر مەندەکاندا بەتایبەت هونەر مەندانی دەرەوەی وڵات کە لە هەردوو لا دەخۆن تەنها لەبەر ئەوەی لە( ئەوروپان، بەڵام بۆ هاوکاری کردنم لەم بەرهەمەدا سوپاسی (کۆمپانیای نالیا) دەکەم کە بووە سپۆنسەری بەرهەمەکەم.و زۆرسوپاسی سەنتەری کیژی دەکەم بۆ بڵاو کردنەوەی بەرهەمەکە لە سەرتاسەری کوردستاندا.

***هیچ کام لە بەرهەمەکانی ئەم سیدییە نوێیەت بەشێوەی کلیپ نابینرێت،هۆکارەکەی چییە؟**

-ئێستا بەنیازی کلیپ کردنی دوو بەرهەمم لەسیدییە نوێیەکەمم ئەوانیش (میوان- سەرچۆپی کێش) بەرهەمی میوان

دیمانە:
سۆران مارف کریم
Soranmarif@hotmail.com

کەناڵی (خاك) بۆم کلیپ دەکەن کە لە هۆنراوەی ئیسماعیل محەمەد و ئاوازی خۆمە و برای وێنەگر کاك مەریوان عەبدوڵڵا ئەرکی وێنەگرتنی دەگرێتە ئەستۆ، بەڵام بەهۆی بانگەشەی هەڵبژاردن دواکەوت.

***تاچەند پێتوایە کلیپ ڕۆڵی گرنگی هەیە لە دەرکەوتنی بەرهەمێك؟**

-زۆر بەرهەم هەیە پێویست دەکات کلیپی بۆ بکرێت و دەبێتە دەرکەوتنی ئەو گۆرانییە،بەڵام زۆرێك لە گۆرانی پێویست بە کلیپ کردن ناکات، چونکە گۆرانییەکە نەمرەو دەمێنێتەوە،بۆنموونە هیچ کام لەگۆرانییە کۆنەکانی هونەرمەندە نەمرەکان کلیپیشی بۆ نەکراوەو ماویشەتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەگەر بکرێت ئەو بەرهەمە زیاتر ئاشنا دەبێت بە بینەران.

***تۆ توانایەکی باشت هەیە لەبواری مەقامات گوتندا پێت وایە تاچەند هونەر مەندانی ئێستا ئەو توانایەیان هەیە و تاچەند مەرجی هونەرمەند شارەزایی بوارەکانیمەقامبێت؟**

-مەقام لای ئاسۆ ئاسمانێکە بۆ باڵە فرەو گوزارشت کردن لە خەون و خەیاڵەکانم،کەم هونەرمەند حەز دەکات مەقام فێربێت کەئەمە هەڵەیەکی زۆرگەورەیە،چونکە ئەگەر مەقام فێربێت ئەوا زۆر بەئاسانی دەتوانێت گۆرانی بچڕێت و توانای ئاواز دانانیشی دەبێت.بۆیە دەڵێم مەرجە هونەرمەند شارەزابێت لە مەقام وتندا،بەڵام هیچ ئامۆژگاریەك نییە بۆ فێربوونی مەقام دەبێت گۆرانی بێژ خۆی هەوڵ بدات.

***هونەری منداڵان تاڕادەیەك لەناو هونەری کوردییدا فەرامۆش کراوە، بەڵام تۆ لەم ڕووەوە گرنگیت بە هونەری منداڵان داوە و ئیشت بۆ کردوون تاچەند هەست دەکەی لەم ڕووەوە سەرکەوتوویت؟**

-جیهانی منداڵ جیهانێکی پاك و بێگەردە دەبێت بە زمانی (گوڵ) قسەیان لەگەڵدا بکرێت، من لەم ڕووەوە هەست دەکەم زۆر سەرکەوتووانە کارم کردووە،و دەڵێم یەکەم کەسم کە توانیومە زۆرترین کارم بۆ منداڵان هەبێت،منداڵیش زۆر بەگەرمی پێشوازی لە کارەکان دەکەن،بۆیە دەڵێم هونەرمەندان با کار بۆ منداڵان بکەن، چونکە منداڵیش لە زۆر شت بێبەشن بائێمە دڵیان خۆش کەین.

***چەند کاری هونەری منالانت کردووە؟**

-من لە ساڵی ١٩٩٩ و کار بۆ منداڵان دەکەم تا ئێستا دوو گۆرانیم بەجیا لە ڤیستیڤاڵەکاندا بۆ منداڵان وتووە،لەگەڵ سیدیەك کە ساڵی ٢٠٠٨ تایبەت بوو بە منداڵان پێنج گۆرانی بەشێوەی (دەنگ و ڕەنگ) بڵاوم کردەوە.

***کارکردنت بۆ منداڵان لە چ ڕوانگەیەکەوەیە؟**

-تەنها خۆشەویستی و سروشتی ئاسۆ واهەڵکەووتووەکە منداڵم خۆش دەوێت و منداڵانیش بۆ ئاسۆ بەهەمان شێوەن، بۆیە حەزدەکەم زۆربەی کات لەناو منداڵاندابم و کاریان بۆ بکەم.

***بۆچی تائێستا کۆنسێرتت ساز نە کردووە؟**

-کۆنسێرت هەروا ئاسان نییە یاخود کۆکردنەوەی زۆرێك لە میوزیك ژەنان،کەئەمانە زۆر قورسن وکاریان دەوێت،بەڵام بەنیازم دوای بڵاوبونەوەی سییدیەکەم بیر لە ساز کردنی کۆنسێرت بکەمەوەو زۆرێك لە عاشقانی دەنگم چاوەڕێی کۆنسێرتن.منیش پێیان دەڵێم چاوەڕوان بن.

***ئاسۆ جاران ڕۆڵێکی باشی هەبوو لە ناو شەقامی هونەری گۆرانیدا،بەڵام لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ وە تاڕادەیەك ئەم ئاراستەیە گۆڕا تۆهۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

-وەك باسم کرد من ماوەیەك دابڕام، بەڵام باسی دابڕانەکەمم کرد،ئێستا بەڵێن بەهەوادارانی دەنگ و هونەری خۆم دەدەم کە وەك پێش ساڵانی ٢٠٠٣ بەردەوام ببمەوە ولەوسا زیاتر کاری باشتر و باشتر بکەم.

***تاڕادەیەکی زۆر کارە هونەرییەکانت حوزنێکی زۆری پێوە دیارە،ئایا ئەمە لە گەڵ واقیعی ژیانی تۆدا یەك دەگرێتەوە؟**

- سروشتی دەنگم وایە کە حوزنێکی پێوە دیارە،هەرچەندە زۆر ستایلی ترم تاقیکردۆتەوە، بەڵام هەست دەکەم سەر کەوتنێکی ئەو تۆم بەدەست نەهێناوە،سەبارەت بە پرسیارەکەت من ئەو حوزنەی تۆ باسی دەکەی دەیگەڕێنمەوە بۆ خودی شاعیر یاخود ئەو واقیعەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا هەیە سەبارەت بە لاوانە زۆر عاشقانە بیر دەکەنەوە بۆیە منیش زۆربەی هەرە زۆری کارەکانم بۆ ئەوانە.

*** هونەرمەند چۆن دەتوانێت پەیامێك بگەیەنێت لەگەڵ هەست و ناخیدا یەك بگرێتەوە واتە گوزارشت لە واقیعی ژیانی خۆی بکات؟**

- زۆرێك لە هونەر مەندان واقیعی ژیانی ڕاستەقینەی خۆی دەڵێت بە گۆرانی،بەڵام من زۆر بە ڕاشکاوی دەڵێم باس لە ژیانی زۆرێك لە گەنجانی میللەتەکەم دەکەم هیوادارم بە دڵیان بێت.

*** تا چەند لەگەڵ شێوازی نوێی گۆرانی ومۆسیقای کوردیت؟**

-من زۆر لە گەڵیاندام، بەڵام بە مەرجێك نە یشێوێنن،چونکە زۆرێك لە لاوە تازە پێگەیشتووەکان بەس تەنها گۆرانی دەڵێن بیر لە تێکست و مۆسیقای کوردی ڕەسەن ناکەنەوە،بۆیە دەڵێم ئەمە جۆرێك لە (شێواندن)

***ئاستی گۆرانی کوردی چۆن دەبینیتەوە؟**

-ئەمە پرسیارێکی زۆر قورسە، چونکە من تا ئێستا خۆم بە هونەرمەند نازانم تەنها عاشقی هونەرم، بۆیە دەڵێم تاڕادەیەك لە ئاستێکی باشدایەو کاری جوان هەیە و بەهۆی پێگەیشتنی کۆمەڵێك لە گەنجان کە بە ڕاستی کارامەن بەتایبەتی لە هونەری مۆسیقادا.

*** پەسەندنە کردنی یاسای پاراستنی مافی هونەرمەند لەلایەن پەرلەمانەوە بۆ چی دەیگەڕێنیتەوە؟**

-بۆ نەبوونی کەسێك لە پەرلەماندا بە نوێنەری هونەرمەندان،و کەمتەرخەمیی و بەدوادا نەچوونی ڕێکخراوی هونەرمەندان بۆ ئەو یاداشتەی کە پێشکەشی پەرلەمانیان کردووە،بۆ یە هونەرمەندان هەمیشە زەرەرمەندن.

